21-7-2006 11:20 **یەکاتی ناوەندی ئەوروپا**

## با نەهێڵین دەستی عەشیرەتی و ناموسپەرستی بگاتە گیانی شیرین و هاوڕێ!

**شیرین و هاوڕێ دوو گەنجی تەمەن 18، 17ساڵن کە پەیوەندی خۆشەویستیان پێکەوە هەبوە و نۆ مانگ لەمەوبەر پێکەوە ڕۆیشتوون بۆ یەکێک لە شارۆچکەکانی کوردستان. دوو شەو پێکەوە ماونەتەوە. دوای گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ژیانی خۆیان، خێزانی هەردوولا هەڕەشەیان لێ ئەکەن و پلانی کووشتنیان بۆ دائەنێن لەبەرئەوەی کە ئەوان "شەرەفی خێزانیان شکاندووە". لە پاش فشارێکی زۆر لەلایەن هەردوو خێزانەوە سوڵحی عەشائیری ئەکەن و کێشە کەیان ئەهوەن ئەبێتەوە. هەردوو خێزانەکە ڕازی ئەبن بەوەی کە زەواج بکەن. ئێستا ئەوان نۆ مانگە زەواجیان کردووە و پێکەوە ئەژین. بەڵام دیسان ئەم دوو خێزانە ڕق و کینەیان لە کێشەکە توندتر بۆتەوە و جارێکی تر هەڕەشەی کووشتنیان لێ ئەکەن و ئەوانیش بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پەیوەندیان بە شوێنە ڕەسمیەکانی وەک پۆلیس و ڕێکخراوی مافی مرۆڤەوە کردووە. بەڵام ئەم دەزگایانە نەک نەیانتوانیوە پارێزگاری لە گیانیان بکەن و بەڵکو ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بە هاوڕێ ئەڵێن: "ئەگەر لە ماڵ بچیتە دەرەوە ئێمە خۆمان پۆلیست بۆ ئەهێنین". ئێستا شیرین و هاوڕێ لە ترسی گیانیان ماڵی خۆیان جێ هێشتووە و خۆیان شاردۆتەوە.**

**لەڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفونی لەگەڵ مندا، کێشەکەیان بە ڕێکخراوی ئازادی ژن ناساند و ئێمەش دەستمان کرد بە کارکردن و لێکۆڵینەوە لێی. ئێستا پەیوەندی ڕۆژانەو بەردەوامامان لەگەڵیان هەیە و لە شوێنکی ئامندان. هەروەها لە ڕادیۆی هاوپشتیەوە لە گفتوگۆیەکدا لە ڕۆژی** 24. 06 **دا کێشەکەیان هەم لە زاری ئێمە و هەم لە زاری خۆیانەوە بۆ ڕای گشتی ڕاگەیەنرا. (ئەتوانن لە ئەرشیفی ڕادیۆی هەوپشتیەوە گوێ بیستی گفتوگۆکە بن** (http://bopeshawa. com/arshiv-2006-juni. htm

**هاوکاتیش لە پێناوی کەمکردنەوەی فشار لەسەریان، ئێمە لای خۆمانەوە خەریکی کۆکردنەوەی کۆمەکین بۆیان چونکە سەرباری ئەو کێشە گەورە و هەڕەشەیەی لەسەریانە باری ماددیان زۆر خراپە. لەم ڕێیەوە داوا لە هەرکەسێک ئەکەین، کە ژیانی ئەم دوو گەنجەی بۆ گرنگە و دڵی بۆ ئازادی لێ ئەدات، کە لای خۆیانەوە کۆمەکیان پێ بکەن و پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن تا کۆمەکەکە بگەیەنینە دەستیان.**

**ئەتوانن کۆمەکەکانتان بخەنە سەر ئەم حساب بانکیە:** 0539. 2692152

**ئەدرەسی ڕێکخراو لە نەرویج:**

post boks 8963
Youngstorget
0028 Oslo، Norge

**بۆ هەر زانیاریەکی پێویست ئەتوانن پەیوەندی بکەن بە بەهار مونزیر بە ژمارە تەلەفونی** 0047 95850492

**یان ئیمەیڵی:** baharmunzir@yahoo. com

**ڕێکخەری کەمپین**
**بەهار مونزیر**
**ڕێکخراوی ئازادی ژن/ نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات**
2006 .07 .19